# شەنگە بیڕی دوور

حەمەڕەشی هەرەس

hemereshid@hotmail.com

بەرەوكۆتایی بەهاری تەمەن
هەروەكو پەلێك سەوزایی رووتەن
شنەیەك هاتوو پەیی پێبردم
كەروێشكەیەكی نەرمی پێكردم
كەروێشكەنەبوو سەمای شادیبوو
شنەی شارەزا گەواڵەی دیبوو _
وا روودەكاتە ئاسمانی ووشكم
دیسان پیت و فەڕ دەكاتە پشكم
دەی گەواڵەكە داكە بەسەرما
دەی ژینێكی نوێ بكە بەبەرما
دە توخوا داكە پەژمردە و تینووم
ژیان ئێرەیی زۆری پێبردووم
داكە بە لێزمە و بە رەهێڵەوە
دێراوی ووشكم تیا مەهێڵەوە
ئەگەر داشناكەیت هەر جێم مەهێڵە
رۆحم بۆ شێوەت شەیدایە, وێڵە

جێم مەهێڵە هەر کەپری سەرمبە
دەی بێبەزەیی تۆزیٚ نەرمبە
بەڵکو ئاهی من جۆرێك بە بەربێت
دنیا یەکپارچە ژێرەو زەبەربێت
ئەو کاتە کێڵگە بۆ باران داکا
ژینم سەوز ئەبیٚ هەر وشك ناکا
ئەوجا دێراوی کێڵگەی تەمەنم
شارای شیعر ئەبێت لە بری گەنم
شەنگە بێری دوور بەسەرکاتەوە
رۆحی تۆراوم نزیکخاتەوە

کیچنەری ___ کانادا
نەورۆزی 2005